# كاربەدەستان وبەڕێوەبەری خوێندنگاكان

## ئێوە بەرپرسن لە نوێژی خوێندكاران

م . عبداللطيف أحمد مصطفى

پێش نوێژ و وتار خوێنی مزگەوتی گەورەی چوارقورنە

—

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

بەڕاستی لێپرسراوێتی ئەركێكی گرانو گەورەیە، وە پێویستە لەسەر كاربەدەستان وا بڕواننە پلەو پایەیان كە لێپرسراوێتیيە نەك زەعامەتو بەگەورە دانانو لە خۆبایی بوون.

پێویستە بزانن كەئەوان لێپرسینەوەیان لەسەرە لە لایەن خوای گەورە، هەروەها لەلایەن ژێردەستەكانیشیانەوە.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویّت:

(إنها أمانة، وإنها يوم القيامة خزي وندامة، إلا من أخذها بحقها، وأدى الذي عليه فيها)(1).

واتە: لێپرسراوێتی ئەمانەتە وە لەڕۆژی دوایی سەرشۆڕی و پەشیمانیيە، تەنها كەسانێك نەبێت كە بەحەق وەری دەگرێت، كە ئەوەی لەسەریەتی جێبەجێی بكات.

هەر كاربەدەستێك بە ئەمینداریێتیو دڵسۆزی ودەست پاكیو دڵپاكیو داوێن پاكیو بە پەرۆشیو چالاكیيەوە ئەركەكەی بەجێ بێنێت ئەوە سەربەرزەو پاشەڕۆژێكی بەختەوەری هەیە لای خەڵكی لە دونیادا، وە هەروەها لای خوای پەروەردگاریش ئەجرو پاداشتی زۆر گەورەیە، وەیەكێك لەو حەوت

---

(1) (صحيح الجامع الصغير: ٧٨٢٣) .

کەسانەی کە توشی نارەحەتی‌یەکانی ڕۆژی دوایی نایەت ئیمامو پێشەواو سەرکردەی دادپەروەرە.

بەڵام بە پێچەوانەشەوە هەر لێپرسراوێك کەمتەرخەم یا خیانەت کار بێت ئەوە بەر لەعنەتو نەفرینی خواو دواجار گەلیش دەکەوێت، وە ڕۆژێك دێت فرێ بدرێتە زبڵدانی مێژووەوە بە سوکی‌و ڕوو ڕەشی، وە خیانەت کردنیش چەندەها شێوازی هەیە:

*هەیە خیانەت لە ماڵو سامانی ژێر دەستەکانی دەکات.

*وە هەیە خیانەت لە ڕەوشتو ناموسیان دەکاتو پارێزگاری لە ڕەوشتی ڕەسەنو باشی گەلو قەومەکەی ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە هانیان دەدات بۆ داماڵینی پۆشاکی حەیاو ڕەوشت، بەناوی مۆدەو پێش کەوتنو ئازادی!!

*وە هەیە خیانەت لە بیروباوەڕی گەلەکەی دەکاتو پارێزگاری ناکات لە بیروباوەڕیان، بەڵکو هاوکاری بڵاو بونەوەی بیروباوەڕی پوچو بێ باوەڕی‌و دوور لەدینە.

کەواتە پێویستە کاربەدەستان لە خوا بترسنو هەست بەو ئەرکە گرنگە ترسناکە بکەن کە لەسەر شانیانە، بابزانن کە ئەرکی سەرشانیان تەنها پاراستنی خاكو نیشتیمان نی‌یە، بەڵکو ئەرکی پاراستنی شەرەفو ناموسو بیروباوەڕیشی لەئەستۆیە.

وە ئەو بوارانەی کە کەمو کورتی تێدا دەبینرێن لەلایەن زۆر کاربەدەستان زۆرن، بەڵام ئەوەی کەزۆر زۆر ترسناکە بریتی‌یە لە ڕێگرتنی قوتابیانو خوێندکاران لە ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکانیان، نوێژی نیوەڕۆو عصر لە قوتابخانەو خوێندنگاو پەیمانگاو دانیشگا لەلایەن هەندێك لە مامۆستاو بەڕێوەبەران!!

لەسەردەمی حزبی بەعسی کافر شیعاری بەعسی‌یەکان ئەوە بوو کە قوتابی یان سەرباز یان کارمەند کاتێك کە دەهاتنە ناو دائیرەکەیان پێویست بوو پۆشاکی دینو ئیمان دارنو وەك جانتایەك ئیسلامەتیەکەیان لەدەرگای دەرەوە دابنێن.

وە ئەوانەی کە خەست بوون لە حزبایەتی نەیان دەهێشت لە قوتابخانەو معسکر نوێژ بکرێت.

بەڵام ئەمڕۆش بەهەمان شێوە، بەداخەوە نوێژ قەدەغە دەکرێت لە قوتابیانی کوڕو کچ لەلایەن هەندێ لە بەڕێوەبەران، لەکاتێدا کە ڕێگەیان پێ دەدەن هۆڵی تایبەتیان هەبێت بۆ شانۆو ڕەقسو سەما، بەڵام ناهێڵن ژوورێك

هەبێت بۆ نوێژ، کەنوێژ حەقی خوایەو هیچ زیانێکی نیيە و پەیوەندیشی بە حزبایەتیو تیرۆرەوە نیيە!!

وە نوێژ ڕوکنێکی گەورەی ئیسلامەو پێویست ترە لە هەموو ئەو دەرسانەی کە لە قوتابخانەو خوێندنگاو پەیمانگاو دانیشگا دەخوێندرێن، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (بين الرجل وبين الشرك والكفر ترك الصلاة)(٢) (فمن تركها فقد كفر)(٣).

واتە: لە نێوان مرۆڤو هاوبەش بڕیاردان وکوفردا وازهێنانە لەنوێژ، وەئەوەی واز لە نوێژ بهێنێ کافر دەبێت.

وە کوفریش بەرەو دۆزەخە کەواتە چ پێشکەوتنو خێرێك لە خوێندنو بڕوانامەیەکدا هەیە کە پاشە ڕۆژەکەی چوونە ناو ئاگری دۆزەخ بێت.

وە بەردەوام قوتابی نوێژخوێن بەوەفایە بۆ مامۆستاکانی و بۆ گەلو نیشتیمانی، وە ئەو ڕێز لە گەورەی خۆی دەگرێتو پارێزگاری لە ڕەوشتو بیروباوەڕی گەلەکەی دەکات، وە هیچ کاتێك نوێژ نەبۆتە هۆی توندڕەوەیو تیرۆر، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕێگرتن لە نوێژو خواپەرستی تیرۆری لێ دەکەوێتەوە و توندڕەوی لێ پەیدا دەبێت.

لە کۆتایدا پێویستە بەڕێوەبەران لە خوا بترسنو ڕێگا نەگرن لە قوتابیان لە ئەنجامدانی نوێژە فەڕزەکانیان کە کاتی دیاری کراوی خۆیان هەیە:

﴿إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا﴾ [النساء: ١٠٣] .

پێغەمبەری خوا ﷺ لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوەشیاندا لەگەڵ دوژمن لە غەزادا نوێژیان بە جەماعەت دەکرد، کەواتە لە خوا بترسن با حاڵتان وەکو حاڵی ئەبوجەهلی کافری لێ نەیەت کە پێغەمبەری ﷺ قەدەغە دەکرد لە نوێژ:

﴿أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَى عَبْدًا إِذَا صَلَّى أَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ عَلَى الْهُدَى أَوْ أَمَرَ بِالتَّقْوَى﴾ [العلق: ٩] .

وەنابینی ئەو دیکتاتۆرەی کە قەدەغەی نوێژ کردنی لە پێغەمبەر ﷺ دەکرد هەرچەندە کە ئەو نوێژ خوێنە لەسەر ڕێگای ڕاستەو هیدایەت دراوەو فەرمانیش بە خۆپارێزی دەکات لە توڕەیی خواو کاری خراپەو زیان بەخش، واتە کارێك ناکات کە زەرەری بێتو فەرمانیش بەچاکە دەکات.

(٢) (صحيح الجامع الصغير: ٢٨٤٨) .

(٣) (صحيح الجامع الصغير: ٤١٤٣) .

كەوا بوو چۆن دەبێت ڕێی نوێژ کردن بگریت لەو کەسە باشە لەکاتێکیشدا کە ڕێی ئیسلامەتیو فەرمانی خواو پێغەمبەر ﷺ بە درۆ دادەنێیتو پشتیش هەڵ دەکەیت لە نوێژو بەندایەتی بۆ خوا!!

دوای ئەوە خوای گەورە فەرمووی:

﴿أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى﴾ [العلق: ١٤].

واتە: ئایا ئەو ڕێگرە نەیزانیوە کە خوای پەروەردگار دەیبینێتو ئاگای لە حاڵیەتیو لێی تورە دەبێت:

﴿كَلَّا لَئِنْ لَمْ يَنْتَهِ﴾ [العلق: ١٥] .

واتە: نەخێر سوێند بەخودا ئەگەر واز نەهێنیت لەم ڕێگریو دژایەتی‌یە ئەوا:

﴿لَنَسْفَعَنْ بِالنَّاصِيَةِ﴾ [العلق: ١٥].

نێوچاوانی دەگرینو ڕایدەکێشینو فڕێی دەدەینە ناو ئاگری دۆزەخ،

﴿نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ﴾ [العلق: ١٦] .

نێوچاوانو پێشە سەرە درۆینە بەهەڵەدا چووەکەی ﴿فَلْيَدْعُ نَادِيَهُ﴾ [العلق: ١٧] .

وە کە عەزابی خوا هات ئەو کاتە با ڕێگرەکە بانگی هۆزو عەشیرەتەکەی خۆی بکاتو داوای ڕزگار کردنو فریاکەوتنیان لێ بکات:

﴿سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ﴾ [العلق: ١٨] .

ئێمەش بانگی فریشتەکانی عەزاب دەکەین ئەو کاتە بۆی دەردەکەوێت کە کێ سەرکەوتوو دەبێت؟!

ئەمە لە دونیا هەروەکو لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە ئیمامی بوخاری دەیگێڕێتەوە لە عبدالله ی کوڕی عباس کە فەرمووی: ئەبو جەهل ووتی ئەگەر جارێکی تر (محمد ﷺ ) ببینم نوێژ بکات لای کەعبە ئەوا پێ دەخەمە سەر ملی، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ناتوانی ئەوە بکەیت، ئەبوجەهل ووتی : چ کەسێك دەتپارێزێت لەمن لە کاتێکدا کە بانگ بکەم پڕی ئەو دۆڵە پیاوانی هۆزەکەم بەدەنگمەوە دێنو لەگەڵ منن!!

پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی:

( لئن فَعَل لأخذته الملائكة).

واتە: ئەگەر وای بکردایە ئەوا فریشتەی سزا ناوچاوانیان دەگرتو یەك سەر دەیان برد.

وە هەروەها لە دواڕۆژیشدا ئەو کەسانەی کە ڕێگری نوێژ کردنو خواپەرستیو دەرس خوێندنی شەرعین حاڵیان زۆر خراپەو دۆزەخ شوێنیانە، چونکە هەندێك کەس خراپەکەیان تەنها ئەوەیە کە خۆیان دوورن لە نوێژو خواپەرستی، بەڵام کەسانێك هەن لەوان خراپترن کە تەنها بەوە ناوەستن خۆیان نوێژ

ناکەن بەڵکو دژایەتی نوێژ خوێنانیش دەکەن‌و ڕێگاش دەگرن لە بڵاو بوونەوەی دینی خوا وە ڕێگا نادەن خەڵك بە ئازادی خواپەرستی خۆی بکات!!

بەڕاستی سەیرە ناو وناوەڕۆك‌و قسەو کردەوە دژ بەیەك بن! لە کاتێکدا دەبیستین شیعاری ئازادی‌و سەربەستی‌و دیموکراسی بەرز دەکرێتەوە، بەڵام بە کردەوە ئازادی تەنها بۆ خراپەکاری‌و بەد ڕەوشتی هەیەو تەنها کەسانی دوور لە خوا وەك مرۆڤـ مافیان هەیە کە جنێو بەخوا بدەن؟! بێ ئابڕوویی بەرامبەر قورئان‌و پێغەمبەر ﷺ بکەن لە ڕێی شیعاری ئازادی‌و مافی مرۆڤـ!!

بەڵام ئازادی نی‌یە بۆ کەسێك بڵێ من قوتابی یان خوێندکارم و نوێژیش دەکەم لەکاتی خۆیدا، ئازادی نی‌یە بڵێی من جل‌و بەرگم بە شێوەیەکە خوا پێی ڕازییە! ئازادی نی‌یە بۆ دینەکەی خوا لەسەر زەویەکەی خوا لەناو بەندەکانی خوا! چەندە سەیرە ڕێبگرێ لە فەرمانی خوا، لەدینی خوا، لە قورئانەکەی خوا!!

کاکی کاربەدەست بیر بکەوە تۆ دروستکراوێکی خوایت‌و لەسەر زەویەکەی ئەو دەژیت بە هەواو نان‌و ئاوی ئەو، وە بۆلای ئەویش دەگەڕێیتەوە، کەواتە خۆت بناسە کە چەندە لاوازیت، خواش بناسە کە خاوەن هەموو زەوی‌و ئاسمانەکانە، کەوابوو چۆن ڕێ بە خۆت دەدەیت کە دژایەتی ئەو بکەیت‌و کۆسپ بیت لە ڕێگای خواپەرستیدا.

کەوابوو هەوڵ بدەن‌و شوێنێکی تایبەت بکەنەوە بۆ نوێژ لە قوتابخانە و پەیمانگاکان‌و دانیشگاکان‌و دائیرەکان بۆ ئەوەی خوا لێتان ڕازی بێت‌و گوناهی ئەم هەموو قوتابی‌یە نەیەتە سەرشانتان بۆ قیامەت.

ئامۆژگاریش بۆ قوتابیان‌و خوێندکاران ئەوەیە کە هەمووتان هاودەنگ بن‌و داوا بکەن بەڕێزەوە لە بەڕێوەبەرو مامۆستایانتان ڕێگای نوێژتان پێ بدەن‌و بۆیان ڕوون بکەنەوە کەمەبەستتان تەنها نوێژە نەك خۆدزینەوە لە وانەکانتان، وە پێویستە هیچ کاتێك وە لە هیچ شوێنێك ڕازی نەبن بە نوێژ نەکردن یان دوا خستنی چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(من فاتته صلاة العصر فكأنما وتر أهله وماله)[٤].

---

(٤) (صحيح سنن النسائي: ٤٧٨).

واتە: هەر کەسێ نوێژی عەسری بچێت ئەوە وەکو ئەوە وایە هەموو ئەهلو ماڵی لەدەست دابێت.

وە فەرموویەتی:

(من ترك صلاة العصر فقد حبط عمله)(٥).

واتە: هەرکەسێ واز بهێنێ لە نوێژی عەسر ئەوا کردەوەکەی هەڵوەشاوەتەوە، وەیەکەم شت کە مرۆڤ لێپرسینەوەی لەسەر دەکرێت لەڕۆژی دوایی نوێژە. کەوابوو باگشت لایەك لە خوا بترسین‌و پارێزگاری لە نوێژەکانمان بکەین.

**وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين**
**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

(٥) (صحيح سنن النسائي: ٤٧٤).